# تۆ سێبەری هەمیشەیی ماندوویەتیم
# ئەی دار هەنار

* فاتیح سەلام *

ئای قەدەرێک لە پەرتبوونی ئاوێزانی
چۆن پەلکی ئەم حەزانەمت لێ سەندەوە و
نەتهێشت تێربن لە ئاونگی روومەتی گوڵ
چۆن فەنابوون هەنسکی پێ لەبەرکردو..
تەنیایی لە فرسەتێکی ترپەی ووندا
شەکەتی خۆی تیا خاڵی کرد
تۆش ئەی تارمایی تەریوی شەوانی خەندەبەندان و رەشبەڵەکی
سنگی کراوەی ئەستێرەی ووردی رژاو
وا دەبینی ..
نەرمە سرووتی نزایەک دووکەڵی بەرز دەبێتەوە
تەمەنێک ئاهی لێ دەرژێ و ..
ئامێزی سوێ گرتووی ژانێ
پرمە گریانە لە زوخاو
شەکەتیم خۆی لوول دەدات و..
بە شەماڵی هەناسەیدا گوزەر دەکات
لە گوڵدانی بەر پەنجەرەی بەیانیانێکی شەرمندا

تێکەڵ تەم و تیشک و پەنجەی شەوی جێماوی خەو دەبێت
جەنگەڵستانێ گێژاوەی رۆحی کەمەنکێش دەکات و..
رابردوو دەپێچێتەوە نێو گەمەکانی منالًی شەرە بەفرو
زریکەی خەمی دایکێکی پەرو باڵ لە سۆز دەرکردوو
بە دووچاوی من تیا وونبووی پر کۆشێ لە تەماشاوە
لەتەک قومێ لە شەرابی دوای سەفەرێک لە نامۆ بوون
لە حیلەی خەیاڵیٚ سرکا
بەرێگای دوو لەتبووی وێلاٚ
لەنجەی گەلاٚکانی خەزان
کەوشەکانی لە خۆل و تۆزی نیشتمان دەتەکێنی و
تیلەی روانینێکی گومرا گوڵە حەزەکانی عومری
لێ دەسێنێ و ..
تنۆک تنۆک ئارەقەی جەستەی پیش خواردووی
ئەو دیو پردی پەرینەوەی خاڵەرەشەکانی گومان
پەشیمانی هەڵدەگژێنێ بە بالاٚیدا
نەفرەت قامکە ناسکەکانی دەکرۆژێ و ..
گەماڵەکانی بەر دەرگای کوختی سوڵتان
هەڵدەمیزن بە جوانییاو ..
دەمیان دەبێتە مەنهۆڵ و بە مێژوویدا دەرشێنەوە
زەوی لەحەژمتا  دەگری
من گۆماوێکی نیشتمان خورجێ سەرگوزەشتەی تۆی دامێ
دارهەنارەکەی دوا وێسگەی لە ئازیز ئۆخەی نەکردووم
رۆحێک سپی تر لەناخی منالێکی نێو قومات و

پڕ بە حەوت ئاسمان لە پەری

- 2 -

بۆن بە سێبەر و هەنگاوی چیرۆکێکی شێتانەوە دەکەم یاران

نامۆیی سنگم دەدڕێت

کەللەیی دوا  پیاڵەی ژەهری تینووێتیمە

ئۆقیانووسێک بانگم دەکاو

سەوڵیٚ شکاو چاوساغی کوێرەوەریمە

زریانێک بۆ ڕەنجی بێوەر پەلم دەگرێت

کە سێک ڕوونتر لە فرمێسک و

خاوێنتر لە ئاوریشمی خاو

شەو بەتەنیشت حەسرەتی هەناسەمەوە هەڵدەگورمیٚ

لە نەخشەیەکی دراوی بیٚ چوار چێوە و تۆزگرتوودا

سەفەرێک دەمنووسێتەوە

مەرگێک خۆم بەیانی شەرم بۆ خوێندەوە

هەرچوار پەلمی تیا تەزیووە و ..

ئاڵاکەم لە تۆزی سمی ئەسپی سەرکێشدا

وون دەبیٚ و..

شمشێرەکەمی  تیا دەشکێت

- 3 -

بیرت دەکەم

لەگەڵ مەلانی کۆچەری زەردەپەڕا

ئێوارانیٚ دێمەوە لات

کە هاتیشم ..

لێگەرێ با ووشەکانم لێوت تەرکەن

لە قەترانی کەزییەکانتا خۆر داگرن

لە باوەشی چەپکێ شیعری سەرەرۆمدا

قولێ قولێ لە کانیلکەی ماچت رۆژووی تەمەنم بشکێنم

چاو لە پالێ دارهەنارێکی کەناری تەمەنتا بنوێ و .

شیلەی گوڵی پیتەکانت کۆکەمەوەو

گوێ رادێری بێدەنگیم بی و..

هەر دە پەنجەم بە دیارتەوە

بۆ ئەبەدی داگیرسێنم

لە هێلانەی دڵت زیاتر کۆترەشینکەی چاوەکانم

نەنیشنەوە

کەس نەبینم ..کەس نەدوێنم ..؟؟!.

2011/12/12